# وێنەی ئیستێتیکی شیعریی لە [سەمای بەفری ئێواران]ی جەلال بەرزنجی

فەهمی حەمەد حەسەن

**ئەم توێژینەوەیە لە ٢٠١٩، بە سەرپەرشتی م. هەندرێن، وەك بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس نووسراوە.**

## پێشەکیی

ئیستێتیک، ڕەگێکی دوور و درێژی هەیە لەنێو ئەدەب و فەلسەفەدا، هەردەم لەناو گفتوگۆ و بابەتە ئەکادێمیی و ئەدەبییەکاندا بووە، بۆ دەرخستنی جوانیی، لە ئێستاشدا زیاتر برەوی سەندووە و بووەتە جێی بایەخی بوارە مەعریفیی و ڕۆشنبیرییەکان، ئەمەش بۆ زیاتر پەرەسەندنی جوانیناسیی ژیانی مرۆڤە، منیش لەم توێژینەوەیەدا بەپێی تێڕوانینی فەیلەسووفی ئەڵمانیی (فرێدریک هیگڵ)، ئیستێتیک و وێنەی ئیستێتیکمان لەدەقی شیعریی خستووەتەڕوو.

ئەم تێوژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (وێنەی ئیستێتیکی شیعریی لە سەمای بەفری ئێواران)ی جەلال بەرزنجی ئەنجام دراوە، ئەمەش هەوڵێکە بۆ دەرخستنی جوانی هونەریی لە دەقەکاندا.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە

بۆ سەرنجڕاکێشیی زانستەکە و کەمی توێژینەوە لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە، بەو هیوایەم ئەم توێژینەوەیە ببێتە هەگبەیەک و لەو ڕێگەیەوە خوێنەری کورد زیاتر ئاشنای ئەم زانستە ببن.
لەم توێژینەوەیەدا لە بەشی تیۆریی، پشت بە کۆمەڵێ میتۆد و سەرچاوە بەستراوە، کە بەشێوەیەکی گشتیی زانستی ئیستێتیک و ئیستێتیک لە ئەدەبی کوردیی و میتۆدی هزری هیگڵ و دیدی هیگڵ بۆجوانیی و هونەر خراوەتەڕوو، هەروەها لە بەشی پراکتیکییدا پشت بە کۆمەڵە شیعری (سەمای بەفری ئێواران) بەستراوە بۆ بە پراکتیککردنی توێژینەوەکە.

**زاراوەی ئیستێتیک**

ئیستێتیک، بەشێکە لە بەشەکانی فەلسەفە و کاری لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەیە لە جوانیی و جوانیی هونەریی هەوڵی بەدەرخستنی جوانیی دەدات. بۆ زانینی ڕەچەڵەکی وشەی ئیستێتیک، چەندین سەرچاوە بە شێوەی جیاواز باسیان کردووە، ئێمەش لێرەدا بەپێی توانا سێ لەو سەرچاوانە دەخەینە ڕوو، وەک لە پەڕتووکی (بونیادی بناغەیی ئیستێتیکی هیگڵ)دا هاتووە، کە دەڵێت: «زاراوەی ئیستێتیک ڕەچەڵەکی بۆ وشەی Aisthetikosی گریکی دەگەڕێتەوە، کە بە واتای دەرکپێکردنی سێنسیی دێت».(مەحمود، ٢٠٠٨، ل ١٥) بێجگە لەمە لە سەرچاوەیەکی تردا هاتووە، کە :»وشەی ئیستاتیکا لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان و لە وشەی (ئیسیزیس – Aisthesis) وەرگیراوە، کە بە چەند واتایەک لێکدراوەتەوە، وەک (هەستکردن یاخود تیۆری هەست کردن) یان (هەستکردنی ویژدانی) یاخود (زانینی هەستی زانین بەهۆی هەستەوە)، کە زۆربەی فەیلەسووفان و بیرمەندان ئەو واتایەی کۆتایی زیاتر پەسەند دەکەن». (عومەر، ٢٠٠٩، ل ٢١)
ئەگەر ئێمە لەناو فەرهەنگەکاندا بەدوای مانای ئیستێتیک بگەڕێین دەبینین لەناو فەرهەنگەکانیش بە واتای جیاواز و شێوەی جیاواز خراوەتە ڕوو، بۆ نموونە لە (فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان)، وەها باسکراوە، کە «ئیستاتیکا بریتییە لە

داهێنانی هونـەری، ئاماژە بۆ بەهـای جوانـی ئـەو شـتانە دەکات کـە داهێنـەران بەرهەمیـان هێنـاوە». (ئەحمـەد، ٢٠١٥، ل ٧٧)
کەواتـە، بەپێـی ئـەم ڕوانگەیـە بێـت، ئیسـتێتیک زیاتـر کار لەسـەر داهێنانە هونەرییـەکان و بەهـای ئـەو داهێنانانـە دەکات، واتـە هەوڵـی بەدەرخستن و پێشاندانی نرخ و بەهای داهێنانەکان دەدات و ناپڕژێتە سـەر ئـەوەی، کـە جوانیی لـە بەرهەمـە هونەرییەکاندا پێشـان بدات. هەروەهـا لـە فەرهەنگـی (زاراوە ئەدەبییـەکان)، هاتـووە، کـە دەڵێـت :(وشـەی ئیسـتێتیک وەک زاراوە زاراوەیەکی نوێیـە، لـە ئەوڕوپـا و لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی هـەژدەم لـە ئەوڕوپـا خراوەتـە بـەر بـاس، ئیسـتێتیک کار بـۆ ئـەوە دەکات گوزارشـت لـە جیهانـی هەسـتپێکراو بـکات، تاکـو وای لێهـات بـووە زانسـتێک کـە هاوشـان و تەواوکـەری مەنتیـق بێـت). (عبدللـە، ٢٠١٦، ل ٧٦)

**ئیستێتیک**

ئیسـتێتیک، وەک زانسـتێک و لقێـک لـە لقەکانـی فەلسـەفە، کاری لێوردبوونـەوەی جوانییـە و دەیـەوێ جوانیـی و دزێویـی لەیـەک جیابکاتـەوە، لـەو ڕوانگەیـەوە چەندیـن پێناسـەی جۆراوجـۆر بـۆ ئیسـتێتیک کـراوە و بـە شـێوازی جیـاواز خراوەتـە ڕوو.
یەکێـک لـەو پێناسـانە دەربـارەی ئیسـتێتیک دەڵێـت :»ئیسـتاتیک (Aesthetics) لکیکـە لـە فەلسـەفە گرینگـی دەدات بـە لێکۆلینـەوە و ڕوونکردنـەوەی تێگـەی (جوانـی) وەک ڕوخسـارێکی جیاکـەرەوەی کارەکانی هونـەر وە ئـەو سـەرەتا دروسـت و سـاغانە پێشـنیاز دەکات کـە حوکـم دانـە ئیسـتاتیکیەکان پشـتیان پـێ دەبەسـتن ئیسـتاتیکا خەریکـی شـی کردنـەوەی ئـەو تێگـە و چارەسـەرکردنی ئـەو گیـر و گرفتانەیـە کـە لـە کاتـی لـێ خووردبوونـەوەی بابەتـە ئیسـتاتیکیەکان پەیـدا دەبـن». (مەمەنـد، ١٩٧٩، ل ١٧)
بەپێـی ئـەم پێناسـەیە ئیسـتێتیک وەک لقێکـی فەلسـەفە، گرینگیـی بـە ڕوونکردنـەوەی تێگەی جوانیی دەدات، جوانییش وەک ڕووخسـارێک بەکاردەهێنـێ و بـۆ جیاکردنـەوەی کارەکانـی هونـەر پشـتی پێدەبەسـتێت، هـەروەهـا وابەدیـار دەخـرێ، کـە ئیسـتێتیک ئـەو پێوانـە

دروست و ساغانە پێشنیار دەکات، کە لە حووکم و بڕیارەکانی پێوەست بە ئیستێتیک پشتی پێدەبەستریێ، ئیستێتیک لە هەوڵدایە بۆ شیکردنەوەی ئەو تێگە و گیروگرفتانەی دەبنە کۆسپ لەبەردەم لێکۆڵینەوە و کارەکانی ئیستێتیک.

لە پێناسەیەکی تردا سەبارەت بە ئیستێتیک دەڵێت: «ئیستاتیکا زاراوەیەکی فەلسەفییە و بۆ زانستێک بەکار دەهێنرێت کە [ لە مەرجەکانی جوانی، پێوانەکانی، تیۆرەکانی، لە چێژی هونەریدا، لە بڕیارەکانی بەها پێوەستەکان بە شوێنەوارە هونەرییەکانەوە]، هەروەها [ لە بەرزترین ئاستەکانی پێوەندییە جوانییەکانی مرۆڤ بە واقیعەوە دەکۆڵێتەوە]». (عومەر، ٢٠٩٩، ل ٢٠)

لەم پێناسەیەدا وا وێنا کراوە، کە ئیستێتیک مەرج و تیۆرەکانی جوانیی لە چێژی هونەرییدا دیاریی دەکات، هەروەها لە بەرزترین ئاستی پێوەندیی جوانیی مرۆڤ بە واقیعەوە دەکۆڵێتەوە.

لە پێناسەیەکی تردا دەربارەی ئیستێتیک لە پەڕتووکی (سەرنجێک لەسەر ئیستاتیکا) کراوە، دەڵێت: (ئیستێتیک لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە و لە جوانی دەکۆڵێتەوە، بە تایبەتی جوانی لە هونەر، ئیستێتیک مێژووی هونەرە و خەریکی دانانی پێوەر و پێوانەیە بۆ جیاکردنەوەی جوانی و ناشرینی، ئیستێتیک بابەتەکانی هونەر هەڵدەسەنگێنێ وەک (پەیکەر، وێنە، شیعر، مۆسیقا، ...). (حمەصالح، ٢٠١٣، ل ١١)

لەم پێناسەیەدا دیارە ئیستێتیک هەوڵی پێشاندانی جوانیی دەدات، بە تایبەتیی جوانیی هونەریی، ئیستێتیک کۆمەڵێ بنەما و پێوەری داناوە تاکو مرۆڤ لەڕێگەیەوە جوانیی و ناشرینیی لەیەک جیابکاتەوە و بابەتەکانی هونەرییشی پێهەڵدەسەنگێنێت، لایەنە جوان و ناشرینەکانی بابەتە هونەرییەکانی پێدەستنیشان دەکات.

دکتۆر عبدالرحمن بەدەوی لە پەڕتووکی (الموسوعە الفلسفیە) بەو شێوەیە پێناسەی ئیستێتیکی کردووە «ئیستاتیکا: واتای تەواوی زانست یاخود تیۆری چالاکییەکانی مرۆڤە لە هەمبەر جوانیدا، چالاکی مرۆڤیش دامەزراندنی جیهانێکە بەپێی یاساکانی جوانی، لێرەشەوە بڕیاردان لەسەر یاساکانی چالاکی جوانیناسانەی مرۆڤ

و شـێوە جیـاواز و دۆخەکانـی گەشـەکردنی، هەروەهـا چۆنیەتـی بەدەسـتهێنانی ئـەم گەشـەکردنە، دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئیسـتێتیکەوە». (مەحمـوود، ٢٠١٠، ل ١٧)
لـەم پێناسـەدا دیـارە، کـە ئیسـتێتیک زانسـتێکە مـرۆڤ لـە چالاکییەکانـی لـە هەمبـەر جوانییـدا پێڕەویـی لێدەکات، ئـەو چالاکییانەی مرۆڤیش بۆ بەدیهێنانـی جیهانێکـە، بەپێـی خواسـت و بنەماکانـی جوانیی، هـەر لەبەر ئەمـەش پێـی وایـە بڕیـاردان لەسـەر چالاکییـی جوانیناسـانەی مـرۆڤ، دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئیسـتێتیکەوە، واتـە دەبێـت ئیسـتێتیک سـەرچاوەی بڕیـاردان بێـت، کـە تاچەنـد ئەوچالاکییانـە بـۆ بەرژەوەندیـی جوانییـە و تاچەنـد لەگـەڵ پرەنسـیپ و بنەماکانـی جوانیـی یەکانگیـرە.
کەواتـە بـە گشـتیی دەتوانیـن بڵێیـن: ئیسـتێتیک لقێکـە لـە لقەکانـی فەلسـەفە و کار لەسـەر جوانیـی دەکات، ئیسـتێتیک دەیـەوێ جوانیـی نیشـان بـدات، جوانیـی هـەم لـە واقیـع و هـەم لـە هونـەردا، هەروەهـا ئەرکێکـی تـری ئیسـتێتیک ئەوەیـە: جوانیـی لـە ناشـرینیی و دزێویـی جیابکاتـەوە.

## مێژووی سەرهەڵدانی ئیستێتیک

هـەروەک دەزانیـن ئیسـتێتیک بەشـێکە لـە فەلسـەفە، فەلسـەفەش ڕەگ و ڕیشـەیەکی کۆنـی هەیـە، بـۆ سـەردەمەکانی پێشـزایین دەگەڕێتـەوە، بـەم پێیـەش ئیسـتێتیک مێژووەکـەی بـۆ سـەردەمە جیـاوازە کۆنـەکان دەگەڕێتـەوە.
مێـژووی ئیسـتێتیک بـۆ (٥٠٠) سـاڵی پێشـزایین دەگەڕێتـەوە و بـۆ یەکەمیـن جـار لـەلای یۆنانییـەکان سـەرێ هەڵـدا، فەیلەسـووف و وانەبێژەکانـی کاروبـاری هزریـی، هونەریـی و فەلسـەفە گفتوگۆیـان لەسـەر کـردووە، واتـە سـەرەتا زاراوەی ئیسـتێتیک بـەکار نەهاتـووە، تەنیـا وەک تیۆرییەیـەک بـەکار هاتـووە بـۆ پێشـاندانی جوانیـی لـە واقیـع و لـە سروشـتدا. ئەگـەر بـاس لـە وشـەی (هونـەر) بکەیـن، ئـەوا وشـەی هونـەر بـۆ وشـەی (تێخنـە Techne)ی یۆنانیـی دەگەڕێتـەوە، هـەر لـەو ڕووەوە ئەرسـتۆ دەڵێـت :»وشـەی تێخنـە یـان هونـەر لەنـاو لایەنـی سـێیەمی ژیانـی مـرۆڤ دایـە، واتـە لایەنـی داهێنـان». (حمـە

صالـح، ٢٠١٣، ل ٢٨)
لـه ڕوانگـەی ئەرسـتۆدا هونـەر بریتییـە لـە لاسـاییکردنەوە و تەواوکردنـی سروشـت بـە توانـای خەیـاڵ، واتـە لـە کاری هونەرییـدا مـرۆڤ لاسـاییی سروشـت دەکاتـەوە، بـەڵام ئـەو لاسـاییکردنەوەیە تێکەڵـی خەیـاڵ و هەسـتی خـۆی دەکات، بـەم پێیـەش جەوهـەر و حەقیقەتـی (تێخنـە) لەگـەڵ خەیاڵـی داهێنەرانـە دایـە و خەیاڵـی داهێنەرانـەش لەگـەڵ لاسـاییکردنەوە دایـە. هەروەهـا ئەرسـتۆ لێرەدا هونـەری لـە لایەنـی سـێیەمی ژیانـی مـرۆڤ دایـە، واتـە جیهانـی داهێنـان لـە ژیانـی مرۆڤدا، چونکـە وەک گوتمـان ئەرسـتۆ پێـی وایـە هونـەر دروسـتکردن، لاسـاییکردنەوە و تـەواو کردنـی سروشـتە بـە هێـزی خەیـاڵ. (هەمـان سـەرچاوە، ل ٢٨).
سـەرەتای بەکارهێنانـی وشـەی ئیسـتێتیک دەگەڕێتـەوە بـۆ «فەیلەسـووفی ئەڵمانیـی ئەلێکسـاندەر بۆمگارتـن (١٧١٤-١٧٦٢)، کـە یەکەمجـار وشـەی؛ ئیسـتێتیکی بەکارهێنـا و دەلالـەت دەکاتـە سـەر زانسـتی جوانیناسـیی و کتێبێکـی بـەو نـاوەوە دەرکـرد». (حمـە صالـح، ٢٠١٣، ل ٢٨)

**ئیستێتیک لە ئەدەبی کوردییدا**

ئێمـە لێرەدا کەمێک بـاس لـە ئیسـتێتیک لـە ئەدەبی کوردیـی دەکەیـن، چونکـە کاری ئێمـە لەسـەر وێنـەی ئیسـتێتیکییە لەنـاو شـیعردا و دەمانـەوێ وێنـەی ئیسـتێتیکیی لەنـاو شیعردا بـە دیـار بخەیـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پێویسـتە پشـت بـە شـیعری کوردیـی ببەسـتین، هـەروەک دەزانیـن شـیعریش بەشـێکە لـە ئەدەبیـات بـە گشـتیی، بۆیـە لێرەدا بـاس لـە ئیسـتێتیک دەکەیـن لـە ئەدەبـی کوردییـدا.
ئەگـەر سـەیری ئەدەبیاتـی نەتـەوەی کـورد بکەیـن، دەبینیـن، کـە کـورد خـاوەن پاشـخانێکی گـەورەی ئـەدەب و کولتـوورە، ئەمـەش چ ئـەو بەرهەمانـەی وەک فولکلـۆر و پشـت بـە پشـت بـە شـێوەی زارەکیـی گێڕدراونەتـەوە، وەک (پەنـدی پێشـینان، داسـتانەکان، بەسـتە و حەیـران... تـاد)، چ ئـەو بەرهەمانـەی تۆمارکـراون و نووسـراونەتەوە، هـەر لـە سـەردەمی بابـە تاهیـری هەمەدانییـەوە بگـرە تـاوەک دەگاتـە

ئەحمەدێ خانیی و دواتر حاجی قادری کۆیی، مەلای گەورە، پاشان نالیی، مەحویی و پیرەمێرد... تاد، درێژ دەبێتەوە بۆ بەرهەمە هونەرییەکانی ئەو سەردەمانەی دوایی هونەری کوردیی.

بوونی ئەم بەرهەمە هونەرییانەش بۆ بارودۆخ و هەڵومەرجی کوردستان دەگەڕێتەوە، هەم لەڕووی سروشتی کوردستان و هەم لە ڕووی لایەنی ڕووحیی، نەتەوەییی و ئایینیی، چونکە هونەر و ئەدەبیات بە گشتیی لە ڕووح و ناخی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو بارودۆخانەش بارێکی گونجاویان ڕەخساندووە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو هەستانەی ناخی تاکی کورد.

بەڵام ئەگەر باس لە هەبوون و بەرجەستەبوونی ئیستێتیک وەک زانستێک لەناو ژیان، ژیار و ئەدەبیاتی کوردیی بکەین، ئەوا بە شێوەیەکی ڕوون دیارە، کە ئەم زانستە بە شێوەیەکی وا ڕەنگی نەداوەتەوە، چونکە تاوەکو ئێستا لەناو ئەدەبیاتی کوردییدا وەک پێویست کار بەم زانستە نەکراوە و ناکرێت، تەنیا ئەوەی بەرچاو بکەوێت لەناو بواری ئەدەبیی و مەعریفیی کوردییدا چەند پەڕتووک و توێژینەوەیەک لەسەر ئەم زانستە هەیە، کە ئەمانەش بە شێوەیەکی وا بەرچاو نین، کە ببنە بناغە بۆ دەستەبەرکردن و بەکار هێنانی ئیستێتیک، وەک زانست لەناو ئەدەبی کوردیی.

هەروەها ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی لەم زانستە لەناو ئەدەب و بواری ئەدەبیی و خوێندنی کوردییدا هەیە، تەنیا هەندێ توێژینەوە، پەڕتووک و دانانی ئەو زانستەیە و وەک یەکێک لە وانەکان لە زانستگەکاندا دەوترێتەوە و کاری لەسەر دەکرێت، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی دروستبوون و بەرجەستەبوونی ئیستێتیک لەناو ئەدەب، کولتوور و کۆمەڵگەی کوردیی.

## هیگڵ و مێتۆدی هزری هیگڵ

جۆرج ویلیام فرێدریک هیگڵ، فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە و لە نێوان ساڵانی (١٧٧٠-١٨٣١) ژیاوە، بیری ئیستێتیک لەلای ئەڵمانەکان لە سەردەمی فرێدریک هیگڵ گەیشتە لووتکە. (محمود، ٢٠١٠، ل ٤٢).

ئەگەر سەرەتا باس لە مێتۆدی بیرکردنەوەی هیگڵ بکەین، ئەوا

دیاره میتۆدی بیرکردنەوەی هیگڵ بریتییە لە دیالێکتیک (Dialectik)، بنچینەی دیالێکتیکیش ململانێ و ئاڵوگۆڕی بەردەوامە، دیالێکتیک بۆ هیگڵ جووڵەی بەردەوامی نێوان تێز ((Thése و دژەتێزە (Untithéses)ـە، کە لە ململانێی هەردووکیان قۆناغێکی باڵاتر دروست دەبێت، کە ئەویش قۆناغی کۆتێزە(Synthéses – ترکیب) ـە، لە کۆتێزدا هەریەکە لە تێز و دژەتێز پێکەوە دەگونجێندرێن، بەڵام ئەم کۆتێزەش جارێکی تر دەبێتەوە بە تێز و دژەتێزێکی بۆ دروست دەبێت، بەمەش ئەم گۆڕانە سێکوچکەییە دروست دەبێت، کە هیگڵ لە سەرجەم دیاردە سروشتیی، هزریی و هونەرییەکاندا پشتی پێدەبەستێ و دیاریی دەکات. (هەمان سەرچاوە، ل ٤٥).

بە تێڕوانینمان بۆ فەلسەفەی هیگڵ بۆمان دەردەکەوێت، کەوا فەلسەفەی هیگڵ سێ بەشی پێوەست بە یەکتری دەگرێتەوە، کە بریتین لەمانە: (یەکەمیان زانستی ئیدێ (Idee–هزر)یە، کە لەم جۆرەدا لێکۆڵینەوە لە خودی خۆیدایە و هەر بۆخودی خۆیشی دەگەڕێتەوە، ئەمەش زانستی لۆژیکە و لێکۆڵینەوەیە لە حەقیقەت لە خودی خۆیدا و لایەنی تیۆریی فەلسەفەکەیەتی. دووەم جۆری فەلسەفەکەی (فەلسەفەی سروشت)ـە، کە لەم جۆرەدا ئیدێ لە خودی خۆیدا هەڵدەگرێ بۆ دەرەوەی خۆی، ئەویش سروشتە، واتە لێکۆڵینەوەکان لە خودی ئیدێ نامێنن و زیاتر بەرەو سروشت هەنگاو دەنێن. سێیەم جۆری فەلسەفەکەی هیگڵ بریتییە لە (فەلسەفەی هۆش)، لێرەدا دووبارە هۆش دەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆی، واتە لە سروشتەوە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆی.). (هەمان سەرچاوە، ل ٥١)

ئەگەر سەرنجێکی خێرا لە فەلسەفەکەی هیگڵ بدەین بە هەرسێک بەشەکانییەوە، دەبینین، کە دابەشکردنێکی سێکوچکەیی سەرجەم فەلسەفەکەی هیگڵ دەگرێتەوە، بەڵام لە هەموو بەشەکانیدا هەر لە هۆشی ڕەها دەکۆڵێتەوە، جا چ لە خودی خۆی بێت، یان لە دەرەوەی خۆی، یان لە گەڕانەوەی جارێکی تری بێت بۆ خودی خۆی، کە ئەمەش لەلای هیگڵ سووڕی گشتییبوون پێکدەهێنێت.

**دیدی هیگڵ بۆجوانیی**

هیگڵ لە پەڕتووکی (دەروازەیەک بۆ ئیستێتیک) بناغەی بۆ زانستی ئیستێتیک دانا و لە زانستەکانی دیکەی جیا کردەوە. هیگڵ کاری هونەریی بە زەمینەی فەلسەفەی هونەر دادەنێت، چونکە هیگڵ لەو پەڕتووکەدا باس لە جوانیی سروشت و جوانییی هونەریی دەکات و لەیەکیان جیا دەکاتەوە، هیگڵ پێی وایە جوانییی هونەریی لە جوانییی سروشتیی باڵاترە، چونکە هیگڵ پێی وایە جوانییی حەقیقیی لە هۆشی ڕەهای مرۆڤ دایە و بەرهەمی هونەریش بەرهەمی (سەبژێکت)، یاخود (هۆش)ی مرۆڤە، هەروەها لە کاری هونەرییدا هەمیشە بواری خۆدەرخستن زیاترە وەک لەئەستوویەکی بێگیان (سروشت)دا.

هۆکاری ئەوەی، کە هیگڵ دەرکەوتنی هۆش دەکاتە پێوەر بۆ باڵابوونی جوانییی هونەریی بەسەر جوانییی سروشتیی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هیگڵ پێی وایە جوانییی ڕاستەقینە لە خودی هۆش دایە. ئەگەر چی هیگڵ پێی وایە یەکەم شێوەی جوان لە سروشت دایە، چونکە لە سروشت دا (ئیدێ) بۆ دەرەوەی خۆیەتی، لەگەڵ ئەمەشدا مرۆڤ هەر لە ژێر فشاری پێویستییەکانی سروشت دایە و ناتوانێ خۆیان لێڕزگار بکات، لەبەر ئەوەش جوانییی سروشتیی جوانییەکی ناتەواوە و ئاوەزی مرۆڤیش ناتوانێ لە ڕێگەی فۆڕمێکی هەستیی، یاخود لە سروشتدا دەرکی هۆشی ڕەها بکات، بۆیە بۆ دەرککردنی ڕەها ناچار دەبێت، کە خۆی لە ڕێگەی هۆشەوە فۆڕمی جوان (هونەر) بخوڵقێنێت، لێرەشەوە پێویستی سەرهەڵدانی هونەر لەلای مرۆڤ دروست دەبێ و سەرهەڵدەدات.

لە دیتگەی هیگڵ، جوانییی سروشتیی ئەو کاتە پێی دەگوترێ جوان، کە لەڕێگەی هونەرەوە گوزارشتی لێبکرێت، واتە ئەو کاتەی لەگەڵ هۆشدا پێوەندیی بەست، دەکرێ پێی بگوترێ جوان. هەروەها بە باوەڕی هیگڵ لە هونەردا نابێ لاسایی سروشت بکرێتەوە، وەک خۆی کتومت، چونکە بەو شێوەیە هونەر سەربەستبیی خۆی لەدەست دەدات لە توانای گوزارشتکردن لە جوانیب. کەواتە هیگڵ لەگەڵ لاساییبکردنەوەی سروشتە، بەڵام لە لاساییبکردنەوەدا

دەبێت کەموکورتیی و ناتەواوییەکانی سروشت تەواو بکات.
لە تێڕوانینی هیگڵدا، هونەر سروشت جوانتر دەکات و جیهانێکی نوێتر لەوەی لە سروشتدا هەیە دایدەهێنێت، کە ئەمەش پێچەوانەی یەکیەتیی بوونی مرۆڤ و سروشتە، هونەر کار بۆ ئەوە دەکات تاکو مرۆڤ بۆ سەرەوەی ئاستی سروشت بەرزبکاتەوە، بەم شێوەیەش مرۆڤ دەبێتە پێوەری هەردوو جوانیی، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی جوانیی هونەریی دەگرێتەوە و ئەوەی جێگەی گرینگی پێدانە جوانیی هونەرییە، لەبەر ئەوە دەڵێت :»بابەتی ئیستاتیکا جوانی سروشتی نییە، بەڵکو جوانی هونەرییە«. (ئەحمەد، ٢٠٠٥، ل ٣٣)
هەروەها هیگڵ لە تێڕوانینێکی تردا پێی وایە، کە هۆشی ڕەها (ڕووحی موتڵەق) لەڕێگەی سێ شێوەوە خۆی دەناسێنێت، هیگڵ ئەم سێ شێوەیەی لەم سێ لایەنانەوە کۆکردووەتەوە:
(١-هۆشی ڕەها لە هونەردا لە شێوەی زانیندا خۆی دەردەخات، هونەر دەتوانێ هۆشی ڕەها لە وێنەیەکی هەستیدا بەدیار بخات.
٢-هۆشی ڕەها لە دیندا لە شێوەی لێخوردبوونەوە لەسەر ناوەوە و گرمۆڵە بوونی گیان بەسەر خۆیدا، وای کرد دین لە ڕەگەزە هەستییەکاندا بیر بۆ حەقیقەتی خودایی بەرەو ڕوتکاری ڕابکێشێ.
٣-هۆشی ڕەها لە فەلسەفەدا لە شێوەی تێگەیشتن و بیر خۆی دەدۆزێتەوە). (حمەصالح، ٢٠١٣، ل ٤٤)
وەک دیارە لێرەشدا هیگڵ لە هەرسێک شێوەکاندا جەخت لەسەر دەربڕین و پێشاندانی هۆشی ڕەها دەکات، واتە هەرسێک شێوەکە یەکناوەڕۆک لەخۆ دەگرن، بەڵام ئەو فۆڕمەی، کە ناوەڕۆکەکەی پێدەدۆزێتەوە جیاوازە.

### قۆناغەکانی مێژووی هونەر

وەک پێشتر باسمان کرد مێتۆدی هزری هیگڵ دیالێکتیکە، سەبارەت بە هونەریش هەیگڵ هەر پشتی بە دیالێکتیکی نێوان (ناوەڕۆک و فۆڕم) بەستووە و مێژووی هونەری دابەشی سەر سێ قوناغ کردووە، هەریەکە لەو قۆناغانەش لەو سەردەمە مێژووییەی تێیدا بووە هۆشی ڕەهامان نیشان دەدات، ئەم سێ قۆناغانەش ئەمانەن

(«هونەری سیمبوڵی» ئەم قۆناغەی مێژووی هونەر لەلای گەلانی سەرەتا و شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی کۆن هەبووە، لەم قۆناغەدا هاودژییەک هەیە لە نێوان بیر و فۆڕمی دەرەوە. دواتر قۆناغی «هونەری کلاسیکیی» دێت لەلای گەلانی گرێک و ڕۆم، لەم قۆناغەدا هاویەکییەک هەبوو لە نێوان ڕووح و فۆڕمی دەرەوەیدا. دیالێکتیکی نێوان ئەم دوو قۆناغە، قۆناغی سێیەمی بەرهەمهێنا، کە قۆناغی «هونەری ڕۆمانتیکیی» بوو، گرینگترین تایبەتمەندیی ئەم قۆناغە هاویەکبوونی ڕووح و خود بوو). (مەحمود، ٢٠١٠، ل ٧١) ئێمە لێرەدا زیاتر دەربارەی هونەری ڕۆمانتیکیی دەدوێین، چونکە لە بەشی دووەمیش باسی هونەری ڕۆمانتیکیی دەکەین لە دیدی هیگڵ و بە نموونەی پراکتیکییش دیتگەکەی هیگڵ دەسەلمێنین.

**قۆناغی هونەری ڕۆمانتیکیی**

هونەری ڕۆمانتیکیی، یەکێکە لە قۆناغەکانی مێژووی هونەر، کە هیگڵ دیاری کردووە، لەم قۆناغەدا ناوەڕۆکی هونەر زاڵ دەبێت بەسەر فۆڕمدا، چونکە لەو قۆناغەدا فۆڕمی هونەر ناتوانێ دەربڕی هۆشی ڕەهای مرۆڤ بێت و هۆش بەسەر فۆڕمدا زاڵ دەبێت. (لە هونەری ڕۆمانتیکدا هاوسەنگی نێوان ناوەڕۆک و فۆڕمی سێنسی نامێنێت، کە ئەمەش خاڵی جیا کەرەوەیەتی و پێچەوانەی هونەری کلاسیکییە. بەمەش هونەری ڕۆمانتیکی بۆ هەمان نا هاوسەنگی هونەری سیمبوڵی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە دوو لایەنەوە جیاوازە، لەلایەک ناوەڕۆک زاڵە بەسەر فۆڕم و لەلایەکی تریش لە هونەری ڕۆمانتیکدا ناوەڕۆک زیاتر ئاشکرایە و بە هێما ئاماژەی بۆ ناکرێ). (مەحمود، ٢٠١٠، ل ٧٩)

هۆکاری ئەوەی، کە لە هونەری ڕۆمانتیکدا ناوەڕۆک زاڵ دەبێت بەسەر فۆڕمدا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە هونەری ڕۆمانتیکدا ناوەڕۆک ئازادانە هۆشی مرۆڤ دەردەبڕێت و فۆڕم بێتوانایە لەمەدا، بۆیە جارێکی تر دابڕان لە نێوان ناوەڕۆک و فۆڕمدا دروست دەبێت.

هەروەها وەک پێشتر گوتمان لە هونەری ڕۆمانتیکدا هاویەکبوونی

ڕووح و خـود هەیـە، واتـە لێرەدا هـۆش هەسـت بـە خـودی خـۆی دەکات و ڕەوشـی ڕووحییی خـۆی دەردەبڕێت و ئەمەش گونجانیەتی لەگـەڵ ناخـی خۆیـدا، کـە هیـگڵ نـاوی دەنێـت «بنەمـای خودێتـی ناوخۆیـی(Inner subjectivity)، ئەمـەش گەشـە کردنـی هۆشـە لـە بـاڵا بوونیـدا بـەرەو خـودی خـۆی. ئێسـتا ئـەم هونـەرە لـە خـودی خۆیـدا ئـەوە دەدۆزێتـەوە کـە پێشـتر لـە جیهانـی سێنسـیدا بەدوویـدا وێـڵ بـوو». (مەحمـود، ٢٠١٠، ل ٨٨)
واتـە لـەم قۆناغـەدا خـود وەک خـۆی پیشـان دەدرێ و ئـەو بـارەی، کـە لـە ڕووح هەیـە دەخرێتـە ڕوو.

**جۆرەکانی هونەر**

ئێمـە لـە پیشـوودا باسـمان لـەوە کـرد، کـە هیـگڵ پێـی وایـە جوانییـی حەقیقیی لـە هۆشـدایە، ئەمـە واتـای ئـەوە ناگەیەنێت، کـە هیـگڵ لایەنـی هەسـتیی (سـێنس)ی بـەلاوە گرینـگ نەبووبێـت، چونکـە هـەر ئـەو لایەنەیـە، کـە جیاوازیـی نێـوان جۆرەکانـی هونـەر دروسـت دەکات، چونکـە هـۆش یـان ئیدێ لـە هەمـوو جۆرەکانـی هونـەردا هەمـان شـتە و تەنیـا ئـەو ناوەنـدەی، کـە هۆشـی تێـدا دەردەکـەوێ دەگـۆڕێت.
لـەو ڕوانگـەی هیگڵ هونـەر دابـەش دەبێتـە سـەر دوو جـۆری جیاواز، کـە ئەمانـەن :»١-هونـەری بابەتـی: وەک تەلارسـازی و پەیکـەر تاشـی و وێنـە.
٢-هونـەری خـودی: وەک مۆسـیقا و هۆنـراوە». (حمەصاڵـح، ٢٠١٣، ل ٤٢).
هەروەها هیگڵ ئەم دابەشـکردنەی جۆرەکانی هونەر و سـەرهەڵدانیان پێوەسـت دەکات بـە قۆناغەکانـی مێـژووی هونـەر، واتـە (تەلارسـازی پێوەسـت دەکات بە هونـەری سـیمبوڵی و پەیکەرسـازی پێوەسـتە بە قۆناغـی کلاسـیکی و هونەرەکانـی وێنەکێشـان و موزیـک و هۆنراوەش پێوەسـت بـە قۆناغـی ڕۆمانتیکـی دێنـە ئـاراوە). (هەمـان سـەرچاوە، ل ٨٣).
واتـە بەپێی بارودۆخـی هەریـەک لـەو سـەردەمانە و بەپێـی ئامـڕاز و پێویسـتییەکانی ئـەو سـەردەم و قۆناغـە مێژووییـەی هونـەر، ئـەو

جۆرانەی هونەر سەریان هەڵداوە.
لەبەر ئەوەی، کە نموونە پراکتیکییەکانی توێژینەوەکەم هۆنراوەیە، بۆیە پێویست دەکات لێرەدا ئێمە باسی هۆنراوە وەک هونەرێک لە دیتگەی هیگڵ بخەینە ڕوو.

**هۆنراوە**

هەروەک دەزانین هۆنراوە بەشێکی ئەدەبیات و هونەرە، وەک بەشێکی هونەریش دەربڕی هۆش و بیری مرۆڤە، واتە هۆنراوەش وەک هەر هونەرێکی تر، ئامرازێکە و لەڕێگەیەوە مرۆڤ ناخی خۆی بەیان دەکات. بۆ هیگڵ «هۆنراوە بریتییە لە هونەری وشە، لە هەمان کاتدا (پێکهاتەیی) و (شرۆڤەیی)ـە». (مەحمود، ٢٠١٠، ل ٩٢). واتە بریتییە لە هونەری دەربڕینی وشە و لەڕێگەی ئەو وشانەوە مرۆڤ خودی خۆی دەردەبڕێت، هەروەها (پێکهاتەییە، چونکە لەڕێی پێکهاتەیەکی دیاریکراوەوە دەتوانێت هەموو ڕەگەزە نێوخۆییەکانی خودێتی بەیەکەوە دەرببڕێت، هۆنراوە شرۆڤەییە،چونکە دەتوانرێت بە هۆنراوە هەموو تایبەتمەندییەکانی جیهانی دەرەوە بەیەکەوە بخاتە ڕوو)، واتە هۆنراوە هەموو تایبەتمەندییەکانی جیهانی دەرەوە دەبینێت و لەڕێگەی تێگەوە تێی دەگات و گوزارشتی لێدەکات.
هەروەها هیگڵ هۆنراوە وەک کۆتێزێک دەبینێت، چونکە پێی وایە، کە (هۆنراوە وەک کۆتێزێکە لە نێوانی هونەرەکانی شێوەسازی و هونەرەکانی موزیک، واتە کۆتێزێکە لە نێوانیاندا و باڵایان دەکات؛ ئەم باڵا بوونەی هۆنراوەش هەردوو لایەنی ناوەڕۆک و فۆڕم دەگرێتەوە، لە ئاستی ناوەڕۆکدا هۆنراوە زیاتر لە موزیک، هۆش بەرجەستە دەکات و لە ئاستی فۆڕمیشدا فۆڕمێک و جیهانێک پێکدەهێنێت کە بە شێوەیەکی نیمچە تەواو پارێزگاری لە ڕوونی جیهانی پەیکەرسازی و وێنەکێشان دەکات). (هەمان سەرچاوە، ل ٩٣).
لە دەربڕینێکی دیکەدا سەبارەت بە هۆنراوە، هیگڵ پێی وایە (لە هۆنراوەدا یەک ئیدێ و یەک بابەت سەروەرە و لایەنەکانی دیکەی هۆنراوە وەک ئیدێ هەندەکییەکان و وێنەکان تەنیا بۆ گوزارشت

کردن لە ئیدێی سەرەکی بەکاردەهێنرێن). (حمە صالح، ٢٠١٠، ل ٩٤).
واتە لە هۆنراوەدا تەنیا یەک بیر بابەتی سەرەکییە و هەموو لایەنەکانی دیکە لایەنی لاوەکیین و بە دەوری بیر و ئیدێ سەرەکییەکە دەخولێنەوە و ژیان لەوەوە وەردەگرن.

**جەلال بەرزنجی**

لە هەموو توێژینەوەیەکدا پێویستە لایەنی تیۆریی و پراکتیکیی بەرجەستە بکرێت، ئێمە بۆ ڕاییکردنی کارەکانی پراکتیکیی توێژینەوەکە پشت بە هۆنراوەکانی شاعیر (جەلال بەرزنجی) دەبەستین، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم کورتەیەک لە ژیانی شاعیر بخەمە ڕوو.
جەلال محەممەد عەباس ناسراو بە (جەلال بەرزنجی)، لە ساڵی (١٩٥٣) لە هەولێر لە دایک بووە، جەلال بەرزنجی لە ساڵی (١٩٩٨) چووەتە دەرەوەی وڵات و لە کەنەدا دەژێت. لە سەرەتای حەفتاکانەوە دەستی کردووە بە کاری نووسین، یەکەمین کۆمەڵەشیعری بەناوی (سەمای بەفری ئێواران) لە ساڵی (١٩٩٧) بڵاو کردووەتەوە. (پیاوێکی بێجامە شین) یادەوەری، هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی بەناوی (هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان)، بە زمانی ئینگلیزیی لە کەنەدا، ئەمەریکا و ماڵپەڕی ئەمازۆن و دەیان ماڵپەڕی تر بڵاو بووەتەوە، تا ئێستا چەندین جار پەڕتووکەکانی لە کەنەدا بوونەتە پڕفرۆش و چەندین خەڵاتی کەنەدیی نێونەتەوەییپ ئەدەبیی بردووەتەوە، لەوانە (ڕایز ئەوارد – Rise award) لە ساڵی (٢٠٠٢)، ساڵی (٢٠١١) کە لە کۆی (١٩٦) پەڕتووکی وڵاتانی گێتیی خەڵاتی (وایەڵد – Wild)، چەندین خەڵاتی تری هونەریی و ئەدەبیی بردووەتەوە.
ئێمە لە بەشی پراکتیکیی توێژینەوەکەماندا هەوڵمانداوە بەپێی توانا، بەپێی تێڕوانین و دیتگەی هیگڵ، وێنەی ئیستێتیکیی و ئەو هزرەی بووەتە سەرچاوەی هاتنەبوونی ئەو شیعرە پێشان بدەین، بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە کۆمەڵێ تێگەمان لە دید و بۆچوونی

هیگڵ دەستنیشان کردووە، بەپێی چۆنیەتی دەستنیشانکردن و گەیشتن بە وێنە ئیستێتیکییەکەی ناو شیعر، ڕیزبەندمان کردوون و بە نموونەی شیعریش بۆچوونەکەمان جێبەجێکردووە و وێنە ئیستێتیکییە شیعرییەکەمان دیاریی کردووە.

چۆنیەتیی ڕیزبەندکردنی تێگەکانیشمان بەو شێوەیەی خوارەوە کردووە:

**هونەری ڕۆمانتیکیی**

لە قۆناغی هونەری ڕۆمانتیکدا گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە کاری هونەرییدا ڕووی دا، بەبەراورد بە قۆناغەکانی تری مێژووی هونەر. لە هونەری ڕۆمانتیکدا فۆڕم ئەو گرینگییەی جارانی نەما و چیتر وەک جاران جێی بایەخی شاعیران نەبوو، بەڵکو ئەوەی زیاتر گرینگیی پێدەدرا، ناوەڕۆکی کاری هونەریی بوو، واتە لەو قۆناغەدا ناوەڕۆک زاڵ بوو بەسەر ڕووخساردا، چونکە هەروەک لە پێشوودا ئاماژەمان پێدا بەپێی تێڕوانینی هیگڵ جوانیی ڕاستەقینە لە ڕووح دایە، هەروەها هونەرکارانی قۆناغی ڕۆمانتیکیش پێیان وابوو، کە فۆڕم ناتوانێت دەربڕی هۆشی ڕەهای مرۆڤ بێت، بەڵام لە ناوەڕۆکێکی ئازاددا مرۆڤ دەتوانێت هۆشی ڕەهای خۆی بە ئازادیی دەرببڕێت، بۆیە لەو قۆناغەدا دابڕان لە نێوان ناوەڕۆک و فۆڕمی هونەرییدا دروست بوو.

هەروەها ئەوەی گرینگە و جێی ئاماژەپێکردنە لە هونەری ڕۆمانتیکدا، ئەوە بوو لەو قۆناغە مێژووییەی هونەردا ڕووح و خود هاویەک بوون، واتە هونەرکاران لەو قۆناغەدا کارە هونەرییەکانیان دەربڕی ڕووح و خودی خۆی بوو، ئەوەی هەستی پێدەکرد لە ناخیدا لە کارە هونەرییەکانیدا ئاماژەی پێدەکرد.

ئەگەر ئەو دیدەی هیگڵ سەبارەت بە هونەری ڕۆمانتیکیی لە نموونەیەکی کردارییدا جێبەجێ بکەین، ئەوا دەبینین، کە

تێڕوانینی هیگڵ بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەنگی داوەتەوە لە کارە هونەرییەکانی سەردەمی ڕۆمانتیکدا، بۆ نموونە سەرنجێک بخەینە سەر ئەو نموونە شیعرییەی شاعیر (جەلال بەرزنجی)، بەناوی (ورد بوونەوە)، کە دەڵێت:

وردبوونەوە
ئەستێرەیەکە،
پێش تاریک داهاتنی ئاسۆ هەڵدێت.
کەمێکیش بەسەر لووتکەکان دەمێنێتەوە
ئەستێرەیەکی ئاشقە
سەرقافڵەیە
بە تەواوی نەوی دەبێت
کە ئاوا دەبێت نارەحەت نابم
دەزانم،
سبەی ئێوارە لە شوێنێکی تر هەڵدێتەوە
جریوە دەهاوێتە ناو بەردەکان
منیش بۆ چەند ساتێک بەختیار دەکات
(جەلال بەرزنجی، ل ٣٧٨)

ئێمە ئەگەر سەیری ڕووخساری شیعرەکە بکەین، دەبینین کەوا فۆڕمێکی ئازادی هەیە و خۆی وابەستە نەکردووە بە هیچ فۆڕمێکی شیعریی قۆناغەکانی پێش خۆی، بەڵکو بەشێوەیەکی ئازاد شیعرەکەی نووسیوە و ئەوەی گرینگیی پێدراوە ئەوەیە چۆن بتوانی بیر، بابەت و حەقیقەتی ناو خودی خۆی بگەیەنێت، واتە شاعیر ناوەڕۆک و چۆنیەتیی گەیاندنی ناوەڕۆکەکەی بە تەواویی زاڵ کردووە بەسەر فۆڕمی شیعرەکەدا، یەکێک لە خاسیەتەکانی هونەری ڕۆمانتیکیی ئەوە بوو، کە ناوەڕۆک زاڵ بێت بەسەر فۆڕمدا، هونەرکارانی قۆناغی ڕۆمانتیک دەیان ویست ئەوەی لە ناخ و خودی شاعیرەکە دایە، بەتەواویی بیگەیەنێ و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ناوەڕۆکێکی ئازاد هەبێت.

بەوردبوونەوە لە شیعرەکەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە شیعرەکە وێنەیەکی زهنیی ئەرێنیی و خۆشیی نیشان دەدات، چونکە لە

شیعرەکەدا شاعیر سەرەتا وەسفی ئەسێرەیەک دەکات و دەڵێت:
ئەستێرەیەکە،
پێش تاریک داهاتنی ئاسۆ هەڵدێت.
لەم دێڕەدا شاعیر وێنەی هەڵاتنی ئەستێرەیەک دەکات، بەڵام بەدەر لە دیاردەیەکی سروشتی، بەڵکو بۆ مەبەستێک نیشانی دەدات، چونکە دیارە ساتی هەڵاتنی ئەستێرە، وەک دیاردەیەکی سروشتیی چێژبەخشە، بەڵام لێرەدا شاعیر تێکەڵ بە هۆشی خۆی دەکات و لەو ڕێگەیەوە بابەتێکی ناخی خۆی بەیان دەکات، هەروەک لە نیوە دێڕی دواتردا دەڵێت:
کەمێکیش بەسەر لووتکەکان دەمێنێتەوە.
لێرەدا شاعیر وێنەی دوای هەڵاتنی ئەستێرەکەمان نیشان دەدات، وەک دەزانین ئەوەی بەرە بەرە ڕۆژ دەبێتەوە، ئەستێرەکان ئاوا دەبن، شاعیریش بۆیە دەڵێت (کەمێک)، چونکە دەزانێ دواتر ئەستێرەکە ئاوا دەبێت، لە دێڕی دواتردا دەڵێت:
بەتەواوی نەوی دەبێت
کە ئاوا دەبێت نارەحەت نابم
لێرەدا شاعیر باس لە ئاوابوونی ئەستێرەکە دەکات، کە ئەمە بارێکی ناخۆشی ژیانی نووسەر نیشان دەدات، بەڵام دەزانێت، کە ئەم بارە زۆر ناخایەنێت، چونکە ئەو ئەستێرەیەی هێمای خۆشیی و شادیی شاعیرە، دووبارە هەڵدێتەوە، وەک لە بەشی کۆتاییی شیعرەکە دەڵێت:
دەزانم،
سبەی ئێوارە لە شوێنێکی تر هەڵدێتەوە
جریوە دەهاوێتە ناو بەردەکان
منیش بۆ چەند ساتێک بەختیار دەکات
لە کۆتاییدا شاعیر وێنەی ساتی دووبارە دەرکەوتن و هەڵاتنەوەی ئەستێرەکە نیشان دەدات، شاعیر ناخی خۆی وا یپشان دەدات، کە چۆن ساتی دەرکەوتنی ئەستێرەکان جریوە دەهاوێتە ناو بەردەکان، ئەویش بەو شێوەیە شادمان و بەختیار دەبێت، بەڵام هەر دەڵێ (بۆ چەند ساتێک بەختیار دەکات)، دەزانێ دووبارە

هێمای خۆشبەختیی ئەو ئاوا دەبێتەوە.
کەواتە لە کۆی گشتی شیعرەکە دەکرێ بڵێین، شاعیر ژیانی خۆی وەک ساتی دەرکەوتن و ئاوا بوونی ئەستێرەیەک نیشان دەدات، واتە چۆن کاتی دەرکەوتنی ئاستێرەکان خۆشیی و چێژ دەبەخشێت، بەڵام ئەو ئەستێرەیە هەر ئاوا دەبێت و نامێنێت، دەکرێ ئەمە وێنەی ژیانی شاعیر بێت، چونکە ژیانیش پڕیەتی لە خۆشیی و ناخۆشیی، هەرچەندە خۆش بژین و بەختیار بین، سەرەنجام ناخۆشییەک هەر دروست دەبێت لە ژیاندا، کەواتە وەک چۆن ئەستێرەکان هەردەم بە ئاسمانەوە نامێنن، ئاوا دەبن و بە تەواوەتییش ئاوا نابن، کاتێکی تر دەردەکەونەوە و هەڵدێنەوە، ژیانی مرۆڤیش (شاعیر) بەو شێوەیەیە، هەرچەندە خۆشیی لە ژیانمان هەبێت، ناخۆشییش هەر دەبێت، بەهای خۆشییەکانیش پێوەستە بە ناخۆشییەکانەوە، بۆیە نابێت لە کاتی ناخۆشییەکان بێئومێد بین، بەڵکو دەبێت بە هیواوە بڕوانین، چونکە ساتە خۆشەکان هەر دروست دەبنەوە.

**هۆنراوە**

وەک دیارە هۆنراوە بەشێکە لەکاری هونەریی و ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە کارە هونەرییەکاندا، لە هۆنراوەدا شاعیر هەموو بارودۆخەکانی دەوروبەری خۆی دەبینێت، وەک باری (سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، دەروونیی، ئابووریی و ئایینیی... تاد)، دواتر لەو بارودۆخانە تێدەگات و گوزارشتیان لێدەکات، ئەو گوزارشتکردنەش لەڕێگەی ناوەڕۆکێک و فۆڕمێکەوەیە. هەروەها لە دیتگەی هیگڵدا لە هۆنراوەدا یەک بابەت بابەتی سەرەکییە و ئەویش ئەو ڕاستییەیە، کە لە هۆشی شاعیر دایە و هەموو بابەت و لایەنەکانی تر لە خزمەتی ئەو بابەتە سەرەکییە دان.
بۆ جێبەجێکردنی ئەم دیدەی هیگڵ سەبارەت بە هۆنراوە، پشت بە هۆنراوەی (شوورە)ی (جەلال بەرزنجی) دەبەستین، کە هۆنراوەکە دەڵێت:

شووره
سەگوەڕێکی توووند،
لە پشت ئەو کێوانە دێت،
کێوەکانیش شەوان وێک دێنەوە،
شوورەیەکی قایم بە دەوری دڵمدا دەکەن،
و دڵیشم لە خۆشییان،
تا بەیانی بە ئاسوودەیی دەخەوێ
(جەلال بەرزنجی، ل ٣٩٩)

شاعیر، لە ڕێگەی ئەو شیعرەوە گوزارشت لە بارێکی ناخی خۆی دەکات، لێرەدا شاعیر، کە دەڵێت (سەگوەڕێکی توووند)، مەبەستی هەموو ئەو بارودۆخە ناخۆشانەیە، کە دەبنە هۆی هەراسانکردنی و بارێکی نەخوازراو لە ناخیدا دروست دەکەن، وێنەی هەموو ئەو بارودۆخانە وەک سەگوەڕێک نیشان دەدات، بەڵام لە بەرانبەر ئەو ناخۆشییانەدا کێوێک هەیە، کە پارێزگاریی لێدەکات، وەک دواتر دەڵێت:

کێوەکانیش شەوان وێکدێنەوە،
شوورەیەکی قایم لە دەوری دڵم دەکەن،

لەم بەشەدا شاعیر وێنەی ئەو پارێزبەندانەی لە بەرانبەر، بارە ناخۆشەکان پارێزگاریی لێدەکەن و دەبنە یارمەتیدەری، تاکو بتوانێ زاڵ بێت بەسەر ئەو بارە ناخۆشانەدا، وەک کێوێک نیشان دەدات و دەبنە شوورەیەکی قایم بە دەوریدا، وەک لە بەشی کۆتاییی شیعرەکە دەڵێت:

و دڵیشم لە خۆشییان،
تا بەیانی بە ئاسوودەیی دەخەوێ،

لە کۆتاییدا شاعیر وێنەی ئەو ساتەی، کە ئارامە و پارێزراوە، لەو دەوروبەرە نەخۆشانەی دەبنە هۆی ناڕەحەتکردنی نیشان دەدات، ئەو ساتە ئارامە وا نیشان دەدات، کە هەروەک چۆن کەسێک شەوانە ئەوەندە ئارام و ئاسوودە دەخەوێت، وەک ئەوەی دەوروبەری بە شوورەیەکی قایم دەورە درابێت، ئەویش بەو شێوەیەیە و ئەوەندە کەسێکی ئاسوودە و ئارامە.

لـه کۆتاییيـدا دەکـرێ بڵێیـن هۆنـراوە، هونەرێکـە و هونەرمەنـد لـە ڕێگەیـەوە ناخـی خـۆی دەردەبڕێـت، ئـەوەی گرینگـە لـە هۆنـراوەدا بابەتـە سـەرەکییەکەیە و هەمـوو هەوڵێـک بـۆ ئەوەیـە ئـەو بابـەت و حەقیقەتـەی هۆشـی ڕەهـا بەیـان بکرێت، هەمـوو لایەنەکانـی تـری شـیعرەکە لـە خزمەتـی ئـەو حەقیقەتـەی هـۆش دانـە.

جوانیی هونەریی

هـەروەک لـە بەشـی یەکەمـدا بەدرێژیـی ئاماژەمـان پێـدا، کـە هیـگڵ پێـی وایـە جوانیـی حەقیقیـی لـە هـۆش دایـە و هونەریـش دەربـڕی هۆشـی مرۆڤـە، بۆیـە بـە بـڕوای هیـگڵ کاری هونەریی زەمینەیـە بـۆ سـەرهەڵدانی فەلسـەفەی جوانیـی (ئیسـتێتیک)، هـەر لەبـەر ئەمەشـە بـۆ جوانیـی حەقیقیـی دەبـێ ئێمـە بـەدوای جوانیـی لـە کاری هونەرییـدا بگەڕێیـن و هەوڵـی بەرجەسـتەکردنی جوانیـی بدەیـن لـە کارە هونەرییەکانـدا، هـۆکاری ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە بەرهەمـی هونەریی، بەرهەمـی خـودە. هەروەهـا لـە کاری هونەرییـدا مەودایەکـی فراوانتـر هەیـە تاوەکـو مـرۆڤ لـە ڕێگەیـەوە ڕەوشـی ڕووحـی خـۆی دەربـبڕێـت.

بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەم دیدەی هیـگڵ، ئێمـە لێرەدا بـە نموونـەی شـیعریی و بـە پراکتیکیـی ئـەم دیـدەی هیـگڵ دەسـەلمێنین، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ئـەم هۆنراوەیـەی (جـەلال بەرزنجـی) بەکاردێنیـن و هۆنراوەکـە ناونیشـانی (ڕەنـوو)وە، شـاعیر دەڵێـت:

ڕەنوو

ڕەوە کەوێک،
کەوتنە ژێر ڕەنوو بەفرێک و نەدۆزرانەوە،
کەوەکانی تری هاوڕێیان،
پرسەیان بۆ دانەنان،
ئەو کەوانە تا ئێستاش،
لەسەر تاوێرە بەردەکان،
بۆ ڕاوکردنیان دەخوێنن،
(جەلال بەرزنجی، ل ٣٧٥)

ئێمە گوتمان، کە هونەر دەربڕی ناخی مرۆڤە و حەقیقەتی ناخی خود نیشان دەدات، کاتێک، کە شاعیرێک شیعرێک دەنووسێت و خوێنەر ئەو شیعرە دەخوێنێتەوە، وێنەیەک لە زهنی دروست دەبێت و لە شیعرەکەوە بیرێک سەبارەت بە شیعرەکە لە هزریدا سەرچاوە دەگرێت، ئەو وێنە شیعرییەش حەقیقەتی ناوەوەی شاعیرەکەیە و وەک وێنەیەک لە زهنی خوێنەر بەرجەستە دەبێت، ئەمەش پێی دەگوترێت جوانیی هونەریی. زۆر جار دەکرێ وێنە حەقیقییەکەی ناخی نووسەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێشان بدرێت، واتە ئەوەی لە ڕووخساری شیعرەکە دیارە وێنە ڕاستییەکەی ناخی نووسەر نەبێت، بەڵکو بابەتە ڕاستەقینەکە لە پشتەوەی ئەو وشانەی ڕووخساری شیعرەکە شاردرابێتەوە. ئەو شیعرەی ئێمە لێرەدا کاری لەسەر دەکەین بەم شێوەیەیە، واتە لە ڕووخساردا وێنەیەک نیشان دەدات، بەڵام لە ناوەڕۆک لە پشتەوەی ئەو وشانە وێنە حەقیقییەکە نیشان دەدات، بۆ نموونە وەک لێرەدا دەڵێت:

ڕەوە کەوێک،

کەوتنە ژێر ڕەنوو بەفرێک و نە دۆزرانەوە،

وەک لە شیعرەکە دیارە وێنەیەکی سروشتیی ڕەوە کەوێک نیشان دەدات، بەڵام بابەتە ڕاستەقینەکەی هۆشی ڕەهای شاعیر ئەو وێنە دیاریکراوە نییە، پێم وابێ بابەتی ڕاستەقینە لە شیعرەکەدا وێنەی ژیانی پێشمەرگایەتیی ئەوکاتمان بۆ بەیان دەکات.

مەبەستی شاعیر لە (ڕەوە کەوێک)، کۆمەڵە پێشمەرگەیەکە، کە لە سەردەمی پێشمەرگایەتیی خۆیاندا شەهید بوون، واتە لێرەدا شاعیر دێت لەڕێگەی وێنەیەکی سروشتیی وەک (ڕەوە کەوێک و ڕەنووە بەفرێک)، وێنەی شەهیدبوونی کۆمەڵە پێشمەرگەیەک و نەدۆزرانەوەی تەرمەکانیان نیشان دەدات.

ئێمە ئەگەر سەیری کاتی پێشمەرگایەتیی بکەین، دەزانین کاتێ پێشمەرگەکان شەهید دەبوون، پرسە بۆ شەهیدبوونییان دانەدەندرا، لێرەشدا شاعیر دەیەوێ لەڕێگەی ئەو هۆنراوەیەوە ڕاستییەکی

بارودۆخـی ژیانـی پێشـمەرگەکانمان پێنیشـان بـدات، مەبەسـتی لـە (کەوەکانـی تـری هاورێیـان)، هـاورێ و هاوسـەنگەرەکانی تـری ئـەو پێشمەرگانەیە، کە شـەهید دەبوون و بۆ شـەهید بوونییان پرسـەیان دانەدەنـا.

لە بەشی کۆتاییی شیعرەکە شاعیر دەڵێت:

ئەو کەوانەش تا ئێستا،
لەسەر تاوێرە بەردەکان،
بۆ ڕاوکردنیان دەخوێنن،

لـەم بەشـەی کۆتاییی شیعرەکەشـدا، شـاعیر وێنـەی بەشـێکی تـری ڕاسـتییی سـەردەمی پێشـمەرگەکانمان نیشـان دەدات، مەبەسـتی شـاعیر لێـرەدا ئەوەیـە، ئـەو پیشـمەرگانەی هێشـتا لـە ژیانـدا مـاون و بەردەوامـن لـە بەرخـودان و خەباتکـردن، وەنەبـێ شـەهیدبوونی هـاورێ پێشـمەرگەکانیان بێهیوایـان بـکات، بەڵکـو ئـەوان وەک چـۆن کەوێـک لەسـەر تاوێـرە بەردێـک دەخوێنێـت، ئەوانیـش ئـاوا لەسـەر چیاکان وکێوەکان درێژە بـە خەباتی خۆیـان دەدەن، ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی لەوانەیـە لـە هـەر ئانوسـاتێکدا، ئەوانیـش شـەهید ببـن.

کەواتـە دەکـرێ بڵێیـن لـە جوانییـی هونەرییـدا، هونەرمەنـد هۆشـی ڕەهـای خۆمـان نیشـان دەدات و بەپێـی دیتگـەی هیگڵیـش جوانییـی حەقیقیـی لـە هـۆش دایـە، بۆیـە دەبێـت ئێمـە وێنـەی ئیسـتێتیکیی لـە کارە هونەرییەکانـدا بـەدی بکەیـن. وەک لـە شیعرەکەشـدا بەپێـی توانـا و تێڕوانینـی خۆمـان وێنـە ڕاسـتییەکەی هۆشـی شـاعیرمان خستەڕوو، کە لە شیعرەکەدا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دەربڕدراوە، هەڵبەتـە دەکـرێ شـێوازی بەکار هێنانی ئـەو شـێوازەی ناڕاسـتەوخۆ لـە کارە هونەرییەکانـدا، بـۆ بـاری سیاسـیی ئەوکاتـی کوردسـتان بگەڕێتـەوە، کـە کوردسـتان لـەو کاتـدا لەژێـر دەسـەڵاتی ڕژێمێکـی ستەمکار و داگیرکاردا بووە، شـاعیران نەیانتوانیوە بە ئازادیی ئـەو بارودۆخـە بخەنـەڕوو.

جوانییی سروشتیی

هـەروەک دەزانیـن هیگڵ جوانییـی هونەریـی بـە باڵاتـر لـە جوانییـی

سروشـتیی دانـاوە، بـەڵام ئـەوە بـە مانـای ئـەوە نایێـت، کـە هیـگڵ جوانیی سروشتیی بەلاوە نابێت و هیچ گرینگییەکی نەبێت، بەڵکو هیـگڵ پێـی وایـە یەکـەم شـێوەی جـوان لـە سروشـت دایـە، بـەڵام جوانیـی سروشـتیی، جوانییەکـی ناتـەواوە، هـەر لەژێـر فشـاری پێویسـتییەکانی سروشـتە مـرۆڤ پەنـا بـۆ هونـەر دەبـات، چونکـە سروشـت وەک ئەسـتوویەکی بێگیـان ناتوانێت دەرکـی هۆشـی ڕەهـا بـکات.

لـە دیتگـەی هیگڵـدا هەرچەنـدە سروشـت شـێوە و فۆڕمێکـی جوانـی هەیـە و چێژێکـی تـەواو دەبەخشـێت، بـەڵام کاتێـک سروشـت پێوەندیـی لەگـەڵ هۆشـدا بەسـت، ئـەوکات دەکـرێ پێـی بگوتـرێ جـوان، چونکـە لـە بنەڕەتـدا جوانیـی سروشـتیی، جوانییەکـی ناتـەواوە. هەروەهـا لـە کاری هونەرییـدا هونەرمەنـد نابێـت وەک خـۆی لاسـاییی سروشـت بکاتـەوە، بەڵکـو ئـەو کارە هونەرییـە ببێتـە تـەواوکاری جوانییەکـەی سروشـت، چونکـە لـە تێڕوانینـی هیگڵـدا ئەگـەر هونـەر کتومـت لاسـاییی سروشـت بکاتـەوە، ئـەوا هونـەر سـەربەسـتیی خـۆی لەدەسـت دەدات و ناکـرێ هونـەر پێوەسـت بکـرێ بـە هیـچ یاسـا و ڕێسـایەک، چونکـە لـە ئەگـەرێکـی وەهـادا هونـەر ناتوانێـت دەربـڕی هۆشـی ڕەهـا بێـت.

ئێمـە بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەم دیـدەی هیگڵ پشـت بـە هۆنراوەیەکـی (جـەلال بەرزنجـی) دەبەسـتین، کـە هۆنراوەکـە نـاوی (سـەمای بەفـری ئێـواران)ـە، شـاعیر دەڵێـت:

سەمای بەفری ئێواران
بەفر تا ئەو شوێنەوە،
ئێوارەکە،
تۆم لێی بەڕێ کرد،
باریبوو،
بەهار،
لە ژێر پێخوستی بەفردا،
نەمابوو،
نازانی چەندەم خۆش دەوێی،
(جەلال بەرزنجی، ل٤١٧ )

وەک دیـارە شـاعیر لـەم بەشـەی هۆنراوەکەیـدا، وێنـەی دیمەنێکـی سروشـتییمان نیشـان دەدات، هەرچەنـدە ئـەوە دیمەنێکـی جوانـە و چێـژ بەخشـە، بـەڵام تاکـو ئـەو دیمەنـە تێکـەڵ بـە هـۆش و کاری هونەریـی نەکرێـت، جوانییەکـی ناتـەواوە، چونکـە لەگـەڵ هۆشـدا پێوەندیـی نەبەسـتووە، کاتێکیـش پێشـاندانی ئـەو دیمەنـە تێکـەڵ بـە هونـەر کـرا، ئـەوا بەرهەمـە هونەرییەکـە نابێتـە لاسـاییکاری دیمەنـە سروشـتییەکە، بەڵکو دەبێتـە تـەواوکاری ئـەو جوانییـە سروشـتییە، بێگومـان شـاعیر لـە کاتـی پێشـاندانی وێنـەی دیمەنێکـی سروشـتیی، بابەتێکی ناو زهن و هۆشـی خۆی دەردەبڕێت، واتە لەگەڵ نیشـاندانی دیمەنـە سروشـتییەکە، ئـەو بابەتـەش دەخاتەڕوو، هەر لەبەر ئەمەشـە کاری هونەریـی دەبێتـە تـەواوکاری جوانییـی سروشـتیی.

هەروەها لە بەشێکی تری هۆنراوەکەدا شاعیر دەڵێت:

هاوینانیش لەکاتی تووتن ڕستکردن،
خۆت بە باوەشم دادەدا،
دەترسم و دڵم توونـد دەبێت
ناچمەوە تووتنکردن
گوڵە حاجیلە لە بانان شین دەبن.
بنارەکان دەبنە گۆمێکی سووری گوڵ
(جەلال بەرزنجی، ل٤١٧)

وەک دیـارە لـەم هۆنراوەیـەدا هەرچەنـدە شـاعیر وێنـەی دیمەنێکـی سروشـتمان نیشـان دەدات، لـە هەمـان کاتـدا لەڕێگـەی ئـەو هۆنراوەیـەوە، ئـەو عەشـق و مەحەببەتـەی بـۆ مەعشـووقەکەی هەیەتـی بەیانـی دەکات.

لەم بەشـەی شیعرەشـدا، شـاعیر سـەرەتا باسـی یادەوەرییەکی خۆی دەکات، کـە دیمەنـی تووتـن ڕسـتکردن، شـادیی و خۆشـیی خۆیەتـی لەگـەڵ مەعشووقەکەی، هەروەهـا بارێکی دەروونـی خۆیشـی نیشـان دەدات، ئەویـش ئەوەیـە کاری تووتـن ڕسـتکردن نـاکات، چونکـە بەبۆنـەی یادەوەرییـە کۆنەکانـەوە دڵتەنـگ دەبێت. لەگـەڵ ئەمەشـدا

وێنەی سروشتێکی جوانمان نیشان دەدات، ئەویش شینبوونی گوڵ حاجیلە و سووربوونی بنارەکانە بە گوڵە سوورەکان، کە ئەمانە دیمەنی سروشتی دڵڕفێن و وێنەیەکی زهنی چێژبەخش لەلای خوێنەر دروست دەکات.
کەواتە دەکرێ بڵێین لە جوانیی سروشتییدا لەپاڵ نیشاندانی وێنە سروشتییەکە، دەبێت ئەو جوانییە تێکەڵ بە هۆشی ڕەهای هونەرکار بکرێ و حەقیقەتێکی ناخی نووسەر لەگەڵیدا نیشان بدات و جوانییە سروشتییەکە تەواو بکات، ئەو کات دەبێتە جوانییەکی تەواو و دەکرێ پێی بگوترێ جوان.

**ئەنجامەکان:**

ـ قۆناغی هونەری ڕۆمانتیکیی، قۆناغێکە تێیدا ڕووح و خود هاویەک دەبن و هونەریش دەربڕی ڕووحی ڕەهای مرۆڤە.
ـ هۆنراوە هونەرێکە دەربڕی هۆشی ڕەهای مرۆڤە و شاعیر دەتوانێ لەو ڕێیەوە بار و دۆخی ناخی خۆی تێدا بەیان بکات.
ـ دەقی کۆمەڵە شیعری سەمای بەفری ئێواران دەربڕی هۆشی ڕەهای شاعیرە و وێنەکان ڕەوشی ڕووحی شاعیر نیشان دەدەن.
ـ سەمای بەفری ئێواران دەقێکە جوانیی ڕاستەقینە لەخۆ دەگرێت.
ـ دەقی سەمای بەفری ئێواران دەقێکە جوانیی سروشتیی لەخۆ دەگرێت.

## سەرچاوەکان:


ـ ئاسۆ عومەر مستەفا: بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ سالّح و گۆران، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک ٢٠٠٩

ـ د.ئیدریس عبدللە: فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکان، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاو کردنەوە و ڕاگەیاندن، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٦

ـ جەلال بەرزنجی: هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان و سەرجەم شیعرەکانی تر، دەزگەی چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩

ـ کەمال مەمەند میراودەلی: فەلسەفەی جوانی و هونەر، چاپخانەی زانستگەی سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی ١٩٧٩

ـ مقداد حمەصالّح: سەرنجێک لەسەر ئیستاتیکا، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٣

ـ د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاو کردنەوە، چاپی یەکەم، تاران ٢٠١٥

ـ هیمداد مەحمود حەمەسالّح: بونیادی بناغەیی ئیستێتیکی هیگڵ، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٠

نامەی ئەکادیمی:

ـ جەبار ئەحمەد حسێن: ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی – کوردستانی عێراق (١٩٧٠ ١٩٥٠)
نامەی ماستێر، هەولێر ٢٠٠٥